گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/qpxr0913
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 14/11/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 18/02/2024
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/08/2025

# ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لە پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**وەسەن بەدری محسن[١] - بەیان مانی[٢]**
bayan.ibrahim@univsul.edu.iq - wasanbadry13@gmail.com
[٢+١] بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
ئامانج لەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لە پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان-عێراق)ە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی هونەری پەیکەرسازی پۆستمۆدێرن لە هەرێمی کوردستان-عێراق. توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتی بەستوە بە میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، کە لە سەرەتاوە باسێکی هزر (فکر)ی مۆدێرنەی تێدایە و پاشان هونەری پۆست مۆدێرنە، هەروەها ڕۆڵ و گرنگی هونەری شێوەکاری لەمێژوی مرۆڤایەتیدا. گرنگترین ئامانجەکان لە خستنەڕوی ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لە پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان-عێراق، خستنەڕوی هونەری پۆستمۆدێرنیزمە کە بوەتە کایەک بۆ سەربەستکردنی هونەرمەند لە ئەنجامدانی کاری هونەری بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێت بێ گوێدانە شێواز و بەکارهێنانی ماتریاڵ.
قۆناغی سەرەتایی توێژینەوەکە بە ڕونکردنەوەی پەرەسەندنی هزری هونەری پۆستمۆدێرن دەستپێدەکات لە ڕێگەی گێڕانەوەیەکی مێژویی کە بە وردی دارێژراوە، لێکۆڵینەوەکە شوێنپێی گەشتە گۆڕانکارییەکانی هونەر بەگشتی و پەیکەرسازی بەتایبەتی دەگرێتەوە، تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی سەرەکی لە داڕشتنی دەربڕینی هونەری لە سەرانسەری شارستانییەتە مرۆڤایەتییەکان بە شێوازێکی گشتی پاشان ئەم پاشخانە کۆنتێکستییە دەگوڕێت بۆ پشکنینێکی گشتگیری پۆستمۆدێرنیزم.
توێژینەوەکە بە وردی لێکۆڵینەوە لەو پرسیارە ناوەندییە دەکات: چۆن هزری پۆستمۆدێرن لە پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە؟ ئەم بەدواداچونە لە ڕێگەی ڕێبازێکی دولایەنەوە دەکرێتەوە، یەکەم، گەڕانێکی پوخت و لە هەمان کاتدا ورد لە بنەما سەرەکییەکانی پۆستمۆدێرنیزم، دواتر، شیکارییەکی قوڵی زاراوە سەرەکییەکانی وەک "ڕەنگدانەوەی"، "پۆستمۆدێرنیزم" و "پەیکەرسازی هاوچەرخ" چوارچێوەیەکی چەمکی هاوبەش بۆ پارچەکردنی ئەم دەربڕینە هونەرییانە مسۆگەر دەکات.
توێژینەوەکە لە چوار بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەمی تایبەتە بە دیاریکردنی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە، کە (کێشەی توێژینەوە، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، سنوری توێژینەوە، چەمك و زاراوەکان) لەخۆدەگرێت، بەشی دوەمی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (چێوەی تیۆری توێژینەوە) کە سێ توێژگەیە، توێژگەی یەکەم بریتییە لە باسێکی چڕی خودی چەمکی پۆستمۆدێرنیزم و سەرەتای سەرهەڵدان و لایەنگرەکانی هزری پۆستمۆدێرنیزم بەگشتی، دەرخستنی مێژو و

بەدەستهێنانەکانی، توێژگەی دوەم بنەماکان و ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم، لەم بەشەدا پێناسەی لایەنی زانستی چەمکی پۆستمۆدێرن کراوە و باس لە بنەما سەرەکییەکانی هونەری هاوچەرخ کراوە بەگشتی و هونەری پەیکەرسازی بەتایبەتی، توێژگەی سێهەم بریتییە لە هونەری پۆستمۆدێرنیزم لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لەم بەشەدا باس لە پەیکەر و پەیکەرسازانی هزری پۆستمۆدێرن دەکرێ لە هەرێمی کوردستان، باس لە جۆر و ماتریاڵەکانی بواری پەیکەر دەکرێ و چۆن هزری پۆستمۆدێرن کاریگەری هەبوە لەسەریان.

بەشی سێهەمی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە ڕێکارەکانی چێبەجێکردنی توێژینەوە، کۆمەڵگای توێژینەوە و نمونەی توێژەر و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و میتۆدی توێژینەوە و ئامرازی شیکارکردن، پاشان شیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکە بە مەبەستی گەشتن بە ئامانج. هەروەها توێژەر گەیشتوە بە چەند ئەنجام و دەرئەنجامێك، لەوانە: پەبەند نەبون بە یاسا و ڕێسای هونەر، زاڵبونی هزری پۆستمۆدێرنیزم لەسەر جێبەجێکردنی کاری هونەریی، زاڵبون و دەرکەوتنی ڕەنگ لە بەرجەستەکردنی کارە هونەرییەکان، ...هتد. لە کۆتاییدا توێژەر چەند پێشنیار و ڕاسپاردەیەکی پێویستی خستۆتەڕو، دواتر لیستی سەرچاوەکانی داناوە.

**کلیلی وشەکان**: ڕەنگدانەوە، هونەر، پەیکەرسازی پۆستمۆدێرنیزم.

# The Reflection of Postmodern Thought in Contemporary Sculpture in Kurdistan Region/Iraq

**Wasan Badri Muhsin[1] - Bayan Mani[2]**

[1+2]Department of Painting, College of Fine Arts, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Postmodernism, an impactful artistic movement from the 1960s to the 1990s, critiques modern art while accepting various art forms and critical philosophies. It, however, places focus on modern day art and its meaning far beyond the traditional framework.

In the case of Kurdistan, Postmodernism comes with these traits alongside the Kurdish cultural heritage and history. It is honest to note that Kurdish artists strive to illustrate the delicate balance of the Kurdish society and identity through a rich tapestry of common experiences and memories.

In Kurdistan, Postmodernism is an expedition of innovative self-exploration and continuing inquiry. It aims to intend to provide a perspective that enables wider artistic freedom while upholding the essence of Kurdish culture. In this context, the Kurdish art is continuously encouraged to actively participate in the universal dialogue about art and culture.

Keywords: Reflection, Postmodern Sculpture, Art.

## پێشەکی:

پۆستمۆدێرنیزم بزوتنەوەیەکی هونەری کاریگەرە کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ١٩٤٥ز سەریهەڵدا و بەرهەڵستی ئایدیاڵ و ڕێساکانی هونەری مۆدێرن دەکات. کۆمەڵێک دەربڕینی هونەری و ڕەخنەی فەلسەفی بەرفراوان لەخۆدەگرێت، بەپێچەوانەی بزوتنەوە هونەرییەکانی پێشتر، پۆستمۆدێرنیزم زیاتر وەک هەڵوێستێکی تایبەتمەند دەکرێت کە سنورەکانی نوێنەرایەتی پاڵدەنێت و زمانێکی نیشانە و هێماکان لەباوەش دەگرێت.

بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بازدانە تەکنەلۆژییەکان کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی کەرەستە ناتەقلیدییەکان و میدیا بوێرەکان هەبو، کە هونەرمەندانی پۆستمۆدێرن لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردبو، لەوانە بەکارهێنانی ماتریاڵ و کەرەستەکانی ڕۆژانە وەک (چەقۆ، کەوچك، جلوبەرگ، تایەی سەیارە، کلیلی دەرگا، ...هتد)، بەڵام پۆستمۆدێرنیزم تەنیا ئامێری زەق و بوێر نەبو، پەیوەندی بە نمایشەکانی هونەرەوە هەبو لە هۆڵ و مۆزەخانە و گەلەرییەکان و چونە دەرەوە لێی بۆ گۆڕەپانی گشتی، پێشانگەکان لە تیشکی خۆردا خۆیان بینیەوە نەک بە ڕوناکی کارەبایی و ناو گەلەری، پەیکەرەکان لەسەر گۆڕەپانە چیمەنتۆییەکان بڵاوبونەوە و بیناکان تابلۆی قوماشی زیندویان لەبەرکرا. ئەمە هونەرێک یاخود هزرێک نەبو لەسەر پایەیەک بێت بەڵکو ئەوە هونەرە بو کە بینەری شەقامەکەی لە باوەشگرت، گفتوگۆی لەگەڵ ڕێبواران کرد و بەرهەڵستی پێناسەی خودی "هونەر" کرد کە لە چی پێکدێت.

پۆستمۆدێرنیزم لە کوردستاندا هاوبەشی ئەم تایبەتمەندییانەیە، بەڵام بەشێوەیەك کە میراتی کولتوری جیاواز و پاشخانی مێژویی گەلی کورد لەخۆدەگرێت. هونەرمەندانی کورد هونەرەکەیان ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزییەکانی شوناس و کۆمەڵگای کوردییە. بزوتنەوە لە کوردستاندا لە ئەزمونە هاوبەشەکان و یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانەوە سودوەردەگرێت. پۆستمۆدێرنیزم لە کوردستاندا بریتییە لە گەشتێکی بەردەوامی خۆدۆزینەوە و پرسیارکردن و داهێنان. ئەم ڕێبازە هانی هونەرمەندان دەدات بۆ پاڵنانی سنوری دەربڕینی هونەری لە هەمان کاتدا پاراستنی میراتی کلتوری کوردستان. لە ڕێگەی ئەم بزوتنەوەیەوە هونەری کوردی بەردەوامە لە گەشەکردن و بەشداریکردن لە گوتاری فراوانتری جیهانی سەبارەت بە هونەر و کولتور.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١-١ کێشەی توێژینەوە:

بێگومان هزری پۆستمۆدێرنیزم ڕەنگدانەوەی تەواوی هەیە لەسەر هونەر بە گشتی و هونەری پەیکەرسازی بەتایبەتی، لە جیهاندا هونەرمەندان هەڵگری چەندین بیروبۆچونی تایبەتی خۆیانن و لەبەرجەستەکردنی کارەکانیان بە ڕونی بەرچاوە. ئەمەش وایکردوە کە هونەرمەندان سەربەستانە کاری هونەری خۆیان بەرجەستە بکەن بێگوێدانە یاسا و ڕێساکانی هونەری، بێگومان هونەرمەندانی کوردستان بەدورنەبون لە شەپۆلی بیری پۆستمۆدێرن و بەشێوەیەکی ڕون لە کارەکانیاندا بەرجەستەکراوە و بەتایبەت لە کاری هونەری پەیکەرسازیدا ڕونە، بۆیە توێژەر لەم توێژینەوەیدا دەیەوێت بە شێوەیەکی زانستیانە ئەم ڕەنگدانەوەیە بخاتەڕو بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لە هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان-عێراق دا لە چ ئاستێکدایە؟

### ٢-١ گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە قوڵ دەبێتەوە بۆ ناو کایەی پەیکەرسازی پۆستمۆدێرنیزم لە هەرێمی کوردستاندا، گرنگی و جیاوازییەکانی لە سەردەمە هونەرییەکانی پێش خۆی ڕون دەکاتەوە، وە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە چۆن گۆڕانکارییەکانی فۆرم، تەکنیک، مادده و خودی دیدگای هونەرمەند ئامانجی هونەری دوبارە پێناسەکردوەتەوە و دیمەنێکی هونەری ناوازەی پەیکەرسازی دروستکردوە، هەروەها دەبێتە:

1 - سەرچاوەیەکی زانستی بۆ چۆنیەتی گوزارشتکردن و ڕونکردنەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لە کوردستان و کاریگەرییەکانی لەسەر هونەری پەیکەرسازی.

2 - سەرچاوەیەکی زانستی هونەرییە بۆ فێرخوازانی پەیمانگا و کولێژە هونەرییەکان و ئەو کەسانەی خولیای زانینی زانیاری هونەرییان هەیە لە هەرێمی کوردستاندا.

3- هاوکاری هونەرمەندان دەکات لە دروستکردن و تێگەیشتن لە هزری پەیکەری هاوچەرخ، بەهێزکردنی پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدانی دیدگای داهێنەرانەیان.

## ١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

- خستنەڕوی ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لە پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
- خستنەڕوی کاریگەری پۆستمۆدێرنیزم لەسەر هونەرمەندانی پەیکەرسازی کوردستان-عێراق.
- ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لەسەر هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

## ١-٤ سنوری توێژینەوە:

- سنوری بابەتی: ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرنیزم لە پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
- سنوری شوێنی: هەولێر و سلێمانی.
- سنوری کاتی: لە ساڵی (٢٠١٣ -٢٠٢٢) زاینی.

## ١-٥ پێناسەی زاراوەکان:

- **ڕەنگدانەوە (Reflect):**

– پێناسەی زمانەوانی:

وەك زاراوە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا بەم جۆرە باسکراوە (وێنەیەک لە ئاوێنەدا، لەسەر ڕویەکی بریقەدار) (oxford learners dictionaries, 2023)، و لە فەرهەنگی کامبریدجدا بەم جۆرە پێناسە کراوە (وێنەی شتێک لە ئاوێنەدا یان لەسەر هەر ڕوبەرێکی ڕەنگدانەوەی شتەکە بێت. (oxford learners dictionaries, 2023).

– شیکردنەوەی زاراوە:

ڕەنگدانەوەی بریتییە لە گۆڕینی ئاراستەی بەرەی شەپۆل لە ڕوکارێکی نێوان دو میدیای جیاوازدا بەجۆرێک کە بەرەی شەپۆلەکە دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو ناوەندەی کە لێیەوە سەرچاوەی گرتوە. نمونە باوەکان بریتین لە ڕەنگدانەوەی ڕوناکی، دەنگ و شەپۆلی ئاو. (Reflection_(physics), 2023)

– پێناسەی جێبەجێکاری:

بە بۆچونی توێژەر وشەی "ڕەنگدانەوە" بریتییە لە کردارێک کە بەپێی ڕستەکان دەتوانێت چەند مانایەکی جیاوازی هەبێت، بۆنمونە بۆ نیشاندان یان دەربڕین، ڕەنگدانەوەی دەکرێت بە مانای پیشاندانی یان دەرخستنی، هەست، یان تایبەتمەندییەکی تر بێت. بۆ نمونە ڕەنگە کردەوەکانی کەسێک ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕەکانی بێت، هەروەها ڕەنگدانەوە لە هونەردا چەندین مانای جیاواز لەخۆدەگرێت، لە هونەری پۆستمۆدێرندا، ڕەنگدانەوەی لە تەنها نوێنەرایەتیکردن تێدەپەڕێت. قوڵ دەبێتەوە لە شیکاری تاک، بەشداری لە دیالۆگەکاندا دەکات و میراتی هونەری دەشێوێنێت، وشەی ڕەنگدانەوەی فرەلایەنە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەروەردە دەکات و هاندەری پرسیارکردنە لە گێڕانەوەی دامەزراوەکان، ئەمەش وایکردوە ئەزمونێکی دینامیکی و پەرەسەندو بۆ چاودێری هاوچەرخ دروست بکات.

- **پۆستمۆدێرنیزم (Postmodernism):**

– پێناسەی زمانەوانی:

وەك زاراوە لە فەرهەنگی کامبریدجدا بەم جۆرە پێناسە کراوە (شێوازێکی هونەر، نوسین، مۆسیقا، شانۆ و بەتایبەتی تەلارسازی کە لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکاندا بەناوبانگ بو لە ڕۆژئاوا، کە تایبەتمەندی چەند قۆناغێکی جیاواز لە ڕابردو یان لە ئێستا و ڕابردو لەخۆدەگرێت) (oxford learners dictionaries, 2023).

– پێناسەی جێبەجێکاری:

بزوتنەوەیەکی کولتوری و فیکرییە کە ڕاستییە ڕەهاکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، فرەچەشنی لە باوەش دەگرێت و زۆرجاریش شێواز و ڕوانگە تێکەڵ دەکات.

- **پەیکەرسازی هاوچەرخ (Post modernism Sculpture):**

پەیکەرسازی هاوچەرخ بریتییە لە پارچەپارچەبون و هەمەچەشنی و نەهێشتنی سنوری بەکارهێنانی ماتریاڵ و تێکەڵاوبونی بەشەکانی هونەر و بەکارهێنانی کەرەستەی ناتەقلیدی، ئەم یاخیبونە سنورەکانی نێوان هونەر و ژیانی کاڵ کردەوە، بینەرانی بانگهێشت کرد بۆ بەشداریکردن لە گفتوگۆی داهێنەرانە و سەرلەنوێ دارشتنەوەی خودی پێناسەی "پەیکەر". (Rosalind Krauss, 1999, pp. 76-82)

## بەشی دوەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

### توێژگەی یەکەم

### چەمکی پۆستمۆدێرنیزم

پۆستمۆدێرنیزم ڕای جیاوازی هەیە لەسەر پێناسەکردن و کات و شوێنی سەرهەڵدانی، لە نێوان ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی بواری پۆستمۆدێرن. هەندێك سەرچاوە دەیگەڕیننەوە بۆ مێژونوسی بەریتانی (ئەرنۆڵد توبینی)[1] کە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێداوە لە ساڵی ١٩٥٤ (Toynbee, 1934, pp. 205-2011)[2]، هەندێکی دیکە دەیگەڕێننەوە بۆ ڕەخنەگر و شاعیری ئەمریکی (تشارلس ئۆڵسن)[3] لە ساڵانی پەنجاکاندا (Olson, 1950, p. 1)، یاخود ڕاوبۆچون هەیە کە پۆستمۆدێرنیزم دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی ئەڵمانی (ڕۆدلۆف بانفیت)[4] (Banfit, 1928, pp. 5-8)، کە زاراوەی 'پۆستمۆدێرنیزم' بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٧ بەکارهێناوە، بۆ وەسفکردنی (نیهیلیزم)[5] ی کولتوری ڕۆژئاوایی سەدەی

بیستەم ( بابەتێک کە لە فریدریش نیچە وەریگرتوە) (Childs. 2012, pp. 659-679) و لە بەرهەمی ڕەخنەگری ئەدەبی ئیسپانی (فێدریکۆ دی ئۆنیس)[6] لە ساڵی ١٩٣٤دا ئاماژەی پێکراوە بۆ کاردانەوەی دژ بە مۆدێرنیزمی ئەدەبی (وەهبی ڕەسوڵ ٢٠١٣، ٤٨). بەڵام بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٣٩دا بە زمانی ئینگلیزی دەرکەوت، بە دو شێوازی زۆر جیاواز بەکارهاتوە، یەکەمیان لەلایەن زانای ئایینی (بێرنارد ئیدینگس بێڵ)[7] ەوە، کە ئاماژەیە بۆ دانپێدانانی شکستی مۆدێرنیزمی عەلمانی و گەڕانەوە بۆ ئایین (مۆدێرنیزمی عەلمانی سیستەمێکە کە بەرهەڵستی بیروباوەڕە ئاینییەکان دەکات و لە جێی ئاین، عەقڵ و زانست دادەنێن)، دوەمیان لەلایەن مێژونوس ئارنۆڵد تۆینبیەوە بۆ ئاماژەکردن بە دوای سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم، کە تیایدا کۆمەڵگەی جەماوەری چینی کرێکار لە گرنگیدا لە چینی سەرمایەداری تێدەپەڕێت یاخود سەردەکەوێت. (Willette, 2013, p. 1)(چاوپێکەوتن: د. بەیان مانی، ٢٠٢٣)

پۆستمۆدێرنیزم کۆمەڵێك بیرۆکەی ئاڵۆزە، کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو وەک بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەدەرکەوت (Index, 2020, p. 1) (Butler, 2002, pp. 13-18). هەرچەندە پێناسەکردنی پۆستمۆدێرنیزم ئاسان نیە، چونکە چەمکێکە لە چەندین دیسیپلین یان بوارەکانی خوێندندا دەردەکەوێت، لەوانە هونەر، تەلارسازی، مۆسیقا، فیلم، ئەدەب، کۆمەڵناسی، پەیوەندییەکان، مۆدە و تەکنەلۆژیا.... هتد. پۆستمۆدێرنیزم کەی دەستی پێکردوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پۆستمۆدێرنیزم لە چەندین نوسراو و کاردا دۆزراوەتەوە کە هەریەکەو بەجۆرێك دەستپێکی پۆستمۆدێرنیزمی تۆمارکردوە. ڕەنگە ئاسانترین ڕێگا بۆ دەستپێکردنی بیرکردنەوە لە خودی پۆستمۆدێرنیزم بێت، بیرکردنەوە لە مۆدێرنیزم بێت، ئەو بزوتنەوەیەی کە پێدەچێت پۆستمۆدێرنیزم لێیەوە گەشە بکات یان سەرهەڵدەدات. چونکە پۆستمۆدێرنیزم لەسەر بنەمای ئەوە دروست بو کە بەردەوام ڕەخنە لە مۆدێرنیزم بگرێت و بیروباوەڕەکانی ڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەوانەی کە بیری پۆستمۆدێرن پەیڕەو دەکەن وای بۆ دەچن کە مۆدێرنە لە زۆر ڕوەوە چەقی بەستوە (Butler, 2002, pp. 8-12). بەڵام پۆسیمۆدێرن زۆر کراوەیە و لەسەر بنەمایەکی تایبەت یان بیرۆکەیەکی تایبەت ناوەستێ، هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەروەها خۆی نابەستێتەوە بە بەها کۆمەڵایەتیەکان، ڕاستییە چەسپاوەکان و سەنتەر و بابەتی مێژوی...هتد، بەڵکو لەسەر خود و بیری تاك و خۆڕزگارکردن لە هەمو ڕێسا باوەکانی کۆمەڵگە بێ گوێدانە هیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ....هتد دامەزراوە.

## توێژگەی دوەم

بنەماکان و ڕەنگدانەوە ی هزری پۆستمۆدێرنیزم

هزری پۆستمۆدێرنیزم بزوتنەوەیەکی فەلسەفی ئاڵۆز و هەمەچەشنە، تایبەتمەندی ڕەتکردنەوەی ڕاستی ڕەها و گێڕانەوەی گەورە و بەها گشتگیرەکانە، جەخت لەسەر ڕۆڵی زمان و دەسەڵات و سوبژێکتیڤیەت دەکاتەوە لە دارشتنی تێگەیشتنمان لە جیهان، هەروەها لە بنەما سەرەکییەکانی ڕەتکردنەوەی ڕاستیە بابەتییەکان، پۆستمۆدێرنیزم ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە کە یەک ڕاستی بابەتیی هەیە کە هەموان دەتوانن بیدۆزنەوە و بیزانن، بەڵکو ڕاستی وەک بەرهەمی کۆنتێکستە کۆمەڵایەتی و مێژوییەکان سەیر دەکرێت، هەر بۆیەش بەردەوام لە گۆڕاندایە. (شێوەی ١) (ئیهاب حسن, 2019, لاپەڕەکان 9-23) لە کاری هونەری (جۆزێف کۆسوت)[8] بە ڕونی دیارە کە ئایدیا و هزر و پێناسی بزوتنەوەی پۆستمۆدێرنیزمە، کۆسوت بەدوای کورسییەکدا دەگەڕێت لە سێ تۆماری جیاوازدا، داوامان لێدەکات هەوڵبدەین ئەو ڕستە ئاساییانە شی بکەینەوە کە ئەزمونی هونەرمان پێناسە دەکات. (Kosuth, 1965, p. 1) هەروەها ڕەتکردنەوەی گێڕانەوە گەورەکانی مێژو ئەو بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە کە یەک گێڕانەوە یان ڕونکردنەوەیەکی سەرتاسەری جیهان هەیە کە دەتوانێت هەمو ئەزمونی مرۆڤ بگرێتەوە. وە جەخت لەسەر گرنگی دیدگای فرە و هەمەچەشن دەکاتەوە، و ئاهەنگ دەگێڕێت بە ئاڵۆزی و ناڕونی ئەزمونی مرۆڤ (Scott, 1988,. 31) (Lyotard, 1973, pp. 60-61).



**شێوەی ١**

جۆزێف کۆسوت. یەک و سێ کورسی. ١٩٦٥

پۆستمۆدێرنیزم زمان وەک ئامرازێکی ناوەندی بۆ بنیاتنان و دارشتنی واقیع دەبینێت، نەک تەنها ڕەنگدانەوەی واقیع، بەڵکو زمان وەك ئامرازێکی دەسەڵات و سیاسی دەبینرێت کە دەتوانرێت بە چەندین جۆر بەکاربێت، پۆلێن و پلەبەندی و گێڕانەوەی بنیاتنەرن کە کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و کردار و تەنانەت هەستی بونمان هەیە. (وەهبی ڕەسوڵ ٢٠١٣، ٩٨-٩٩) (Butler, 2002, pp. 60-62) ئەم دەسەڵاتە زمانەوانییە دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی سیاسی، کە گروپە جیاوازەکان کێبڕکێ دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی مانا و بەکارهێنانەکانیان، بۆ نمونە بزوتنەوە فێمینیستەکان دژایەتی سێکسیزمی سروشتی دەکەن کە لە زماندا نەماوە یاخود تواوەتەوە، وشەکان وەردەگرنەوە و جێگرەوەیەك دروست دەکەن کە پێکهاتە پیاوسالارییەکان هەڵدەوەشێننەوە، هەروەها دیکۆستراکشنیستەکان دەقەکان پارچە پارچە دەکەن، داینامیکی دەسەڵاتی شاراوە کە لەناو خودی پەیکەری زماندا چەسپاوە ئاشکرای دەکەن، وە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە چۆن دەستەواژە بەرواڵەت بێتاوانەکان دەتوانن نایەکسانی و نادادپەروەری بەردەوام بکەن. ڕەنگە ململانێ بۆ کۆنترۆڵکردنی زمان بێکۆتایی

بێت، بەڵام لەناو ئەودا توانای دوبارە داڕشتنەوەی نەک تەنها چۆنیەتی قسەکردنمان، بەڵکو چۆنێتی بینین و مامەڵەکردنمان لە جیهاندا هەیە، جیهانێک کە بەردەوام لەڕێگەی سەمای ئاڵۆزی وشە و ماناکانەوە دانوستان و بنیاتنراوە (Foucault. 1995, pp. 29-30) (شێوەی ٢) شاکارەکەی هونەرمەند (هانس هاک)[9] کە بریتییە لە زنجیرەک دوبارەکردنەوەی دیمەنی ڕیکلامەکانی گۆڤارەکانی مارکەی ئۆتۆمبێلی بەریتانی (لاند ڕۆڤەر)[10] کە ئەوکاتە مارکەیەکی بەهێز بو. ئەم وێنە گەشاوەی خاوەندارێتی ئۆتۆمبێلی ئاواتخوازانە لەگەڵ وێنەی ڕەش و سپی توندوتیژی لە باشوری ئەفریقا و لە ژێر هەر وێنەیەك ڕونکردنەوە و پاراگرافێکی خستوەتەڕو کە چۆن وشە و تێکستە بێتاوانەکان دەتوانن نایەکسانی و نادادپەروەری دروست بکەن. (Davis, 2019, p. 1)




**شێوەی ٢**
هانس هاک، ڕەگەزێکی جیاواز، ١٩٧٨

لەلایەکی دیکەوە زۆرجار پۆستمۆدێرنیزم پەیوەستە بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵات و پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵدەدات ئەو ڕێگایانە ئاشکرا بکات و بەرهەڵستی گروپە باڵادەستەکان بکات کە دەسەڵاتی خۆیان بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکە و بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەڵگەی دادپەروەرانەتر و دیموکراسیتر. (Foucault. 1995, pp. 135-139) و بە ڕای توێژەر پۆستمۆدێرنیزم بەرهەڵستی گێڕانەوەی باڵادەست و لەئامێزگرتنی دەنگە هەمەچەشنەکانە، ئامانجیەتی جیهانێکی دادپەروەرتر بنیاتبنێت کە دەنگی هەمو تاکێک ببیسترێت، نەک تەنها چەند کەسێکی بەهێز. و دەسەڵات دار.

پۆسمۆدێرنیزم جەخت دەکاتەوە لەسەر شوناسی تاک (خود) و لەسەر گرنگی ناسنامەی تاک و سوبژێکتیڤیەت دەکاتەوە، واتە هەوڵدەدات بۆ چەسپاندنی بیری تاکایەتی و پێناسەکردنی خود، هەروەها بەرهەڵستی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە ئەزمونێکی مرۆڤایەتی گشتگیری هەیە، واتە دەتوانین بڵێین بیری پۆستمۆدێرن هەرچەندە پێناسەی تەواوی نییە، بەڵام چەندین بیر و بنەما هەیە کە پەیڕەوی دەکات، لەوانە ڕەتکردنەوەی ئەو بیرۆکانەی کە یەك گێڕانەوەیان هەیە و هەمیشە بە گومانە لە ڕاستییەکان هەمیشە بە چاوی گومان ڕەخنەوە دەڕواننە ڕاستییەکان و بابەتە مێژوییەکان، جەختیش دەکاتەوە لەسەر بیروبۆچونی تاك نەك کۆمەڵگە بەگشتی (هەڵگورد ئەحمەد ٢٠٢٢، ١٢٣-١٢٩)، میشێل فۆکۆ دەڵێت: "دەبێ واز لە گەڕان بەدوای تاکە 'بابەتی' گەورەی دەسەڵاتدا بهێنین کە بەشێوەیەکی بێ کێشە بتوانێت ئەم دەسەڵاتە بەکاربهێنێت. دەبێت سەرنجمان بخەینە سەر پەیوەندییەکانی 'هێزەکان' (بۆ ئەوەی زاراوەی نیچە قەرز بکەین)، بۆ شێوازی پەیوەندی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکتردا، شێوازی یاریکردنیان بە یەکتر، شێوازی چەسپاوبونیان لە یەکتردا." (Foucault,1995,27)

بێگومان بیری پۆستمۆدێرنیزم چۆتە ناو کایەکانی ژیانەوە لە ڕوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەر و ...هتد، کاریگەری لەسەر هونەر ناوەخنی بابەتەکەمانە زۆر بەڕونی دیارە بێگومان لەسەر هەمو جۆرەکانی هونەر بێ جیاوازی، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر لێرەدا وا بەباشی دەزانێت کە کاریگەری پۆستمۆدێرن باس بکات لەسەر هونەری شێوەکاری بەتایبەتی پەیکەرسازانی هاوچەرخ.



**شێوەی ٣**

کۆرنێلیا پارکەر، ماچێک بە تاریکەوە، ٢٠٠٣

پاش ئەوەی کە وا هونەری شێوەکاری بەگشتی و هونەری پەیکەرسازی بەتایبەتی پابەنبون بە چەندین یاسا و بنەمایەکی هونەریی کلاسیکی باوەوە کە پەیڕەودەکران لە بەرجەستەکردنی هونەردا. بیری پۆستمۆدێرن کاریگەری وای چەسپاند کە ئەو یاسا و ڕێسایانە لانێت و هونەر سەربەست بێت لە چۆنیەتی بەرجەستەکردن لەڕوی شێوە و بەکارهێنانی ماتریاڵ و شێوەی نمایش و شوێنی نمایش(شێوەی ٣)، (سۆل لێویت)[11] دەڵێت "دەکرێت ئایدیاکان تەنها خۆیان کاری هونەری بن: دواجار لە زنجیرەی گەشەکردندا فۆرم دەدۆزنەوە. مەرج نیە هەمو ئایدیاکان بەرجەستە بکرێن." (هەڵگورد ئەحمەد ٢٠٢٢، ٢٨٩) کارە ناوازەکەی هونەرمەند (کۆرنێلیا پارکەر)[12] بە ناوی "مەودا: ماچێک بە تارێکی زیادکراو " لەگەڵ پەیکەرە بەناوبانگەکانی "ڕۆدان"دا تێکەڵ دەبن، کە پێچێکی داهێنەرانەی کۆرنێلیا پارکەرە. پەیکەرەکە بە ١٦٠ مەتر تار بە دەوری ئەو دو فیگەرەکەدا پێچراوەتەوە، باوەشی سۆزدارییان کاڵ دەکاتەوە و ئەوەمان وەبیردەخاتەوە کە خۆشەویستی لە جیهانێکی تێکەڵاوی تارەکاندا بونی هەیە، نەک تەنها ماچی شیرین و خۆشەویستی سنوردار، هێڵی بێکۆتایی تارەکە زیاتر درێژ دەبێتەوە و چرپە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵۆزییە سیاسییەکان دروست دەکات. ئەم کارە هونەرییە پرسی ئەوە دەوروژێنێت کە تا چەند ئێمەی تاك دەتوانین نزیکببینەوە لە یەك لە کاتێکدا هەمومان لە ژیانی خۆماندا پێچراوین؟

## توێژگەی سێیەم

## هونەری پەیکەرسازی پۆستمۆدێرنیزم لە هەرێمی کوردستان

هونەری پۆستمۆدێرنیزم بە گشتی و پەیکەرسازی بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بزوتنەوە هونەرییە جیهانییەکان و لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی شوناسە کولتورییە ناوخۆییەکانی خودی کوردستان و ناسنامە کۆمەڵایەتیەکانە، لێرەدا توێژەر کورتەیەک لە تێڕوانینێکی گشتی دەخاتەڕو کە هونەری پۆستمۆدێرن لە کوردستان لە ماوەی سەدەی بیستەمدا بە تایبەتی لە نیوەی دوایيدا سەریهەڵدا. هونەرمەندانی کورد لە هەرێمی کوردستان وەک هونەرمەندانی تری جیهان سودیان لە بزوتنەوە مۆدێرنیزمەکانی وەک کوبیزم و ئێکسپرێشنیزم و سوریالیزم و ڕێبازەکانی تر وەرگرتوە (شێوەی ٤-٥-٦-٧)، وەك لە کارەکانی هونەرمەند ڕێزان بەتول بە ڕونی دەردەکەوێت، هەرچەندە بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە پەرەسەندنی هونەری پۆستمۆدێرنیزم لە کوردستان سنوردار بوە، وە بەهۆی کەمی



**شێوەی ٤**

**ڕێزان بێتول، ناسنامە و خود، فەرەنسا – 2014**



**شێوەی ٥**

**سەیوان سەعیدیان، دوای ئەوان، – 2018دهوک**

پەیوەندی کوردستان بە جیهانی دەرەوە. (Betula, 2014, 1)



شێوەی ٦

نەرمین مستەفا ئاوێز، بێ ناونیشان، سلێمانی – 2017



شێوەی ٧

زیرەک میرە، پەیکەری کەرێک کە قاتێکی لەبەردایە، سلێمانی – 2014

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا هونەرمەندانی کورد بەشێوەیەکی چالاکانە بەشدارییان لە گۆڕەپانی هونەری پۆستمۆدێرن لە هەرێمی کوردستاندا کردوە، ئەوان بە شێواز و تەکنیکە جۆراوجۆرەکان کارییان لەسەر پۆستمۆدێرنە کرد، توخمەکانی هونەر و کولتور و نەریتی کوردەوارییان خستە ناو بەرهەمەکانیانەوە، زۆرجار بابەتەکە لە دەوری ناسنامەی کورد و فۆلکلۆر و دیمەنە سروشتییەکان دەسوڕایەوە، هونەرمەندی کورد (کامەران شەریف)[13] ، پەیکەرتاش و هونەرمەندی ئینستێلاسیۆنی کورد کە بەرهەمەکانی لە گەلەری و پێشانگا جیهانییەکان نمایشکردوە لەوانە، تایت مۆدێرن (لەندەن، ٢٠١٠)، دۆکیومێنتای ١٣ (کاسێل، ٢٠١٢)، و مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ شیکاگۆ (٢٠١٥)، پەیکەرەکانی زۆرجار کەرەستە دۆزراوەکان لەخۆدەگرن و بەدواداچون بۆ بابەتەکانی کۆچکردن و سنورەکان و یادەوەری کولتوری دەکەن.(شێوەی ٨) (sharif. 2020, 1)



شێوەی ٨

"، کامەران شەریف، بێ ناونیشان، لە کۆمەڵەی "پاساژ ، ٢٠٠٩

هونەرمەندانی پۆستمۆدێرنیزم لە هەرێمی کوردستاندا بەهەمان شێوەی هونەرمەندانی جیهان بەرهەڵستی چەمکی مۆدێرنیستی هونەری و ڕەسەنایەتییان کرد و فرەچەشنی و پارچەپارچەبون و تێکەڵاویان لە باوەش گرت، هونەرمەندانی ئەم هزرە لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەم بیرۆکانەدا سەرقاڵی چارەسەرکردنی نیگەرانییە ناوخۆیی و جیهانییەکان بون.

هونەری پۆستمۆدێرنیزم لە هەرێمی کوردستان فۆرمی جۆراوجۆری وەک نیگارکێشان، پەیکەرسازی، هونەری ئینستلاسیۆن، کۆنسێپچواڵ، هونەری نمایش، و بەرهەمی مالتیمیدیا، ...هتد لەخۆدەگرێت. زۆرجار هونەرمەندانی ئەم سەردەمە بەدواداچون بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە ناسنامە، ڕەگەز، ئاوارەبون، ململانێ سیاسییەکان و میراتی کولتوریش دەکەن (شێوەی ٩)، ئەوان کۆمەڵێک تەکنیک بەکاردەهێنن، لەوانە دژەبا، گاڵتەجاری، وێرانکردنی فۆرمەکانی نەریت و مێژو .هونەرمەندانی هاوچەرخی کورد بە شێوەیەکی گشتی و پەیکەرسازان بە تایبەتی لە پێشانگە نێودەوڵەتییەکان و بۆنە هونەرییەکان بە شێوەیەکی چالاکانە بەشدارییان کردوە، دیدگا و ئەزمونە ناوازەکانی خۆیان دەخەنە ناو بەرهەمەکانیانەوە، زۆرجار ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەو واقیعە ئاڵۆزانەی ڕوبەڕوی گەلی کورد دەبێتەوە و بەدواداچون بۆ یەکتربڕینەکانی میراتی کولتوری خۆیان لەگەڵ گوتاری جیهانیدا دەکەن. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە دیمەنی هونەری لە کوردستان هەمەچەشن و دینامیکییە، هونەرمەندان بەردەوام پەرە بە شێواز و ڕێبازەکانیان دەدەن، دیارترین نمونە هونەرمەندی کورد (هیوا کریم)[14] ە کە چیرۆکەکانی ژیانی کەسی خۆی لەگەڵ دەنگدانەوە مێژوییەکان و شرۆڤەی کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات و لە چەندین پێشانگای جیهانی نمایشیکردون، کارەکانی هیوا زۆرجار لە کەرەستە دۆزراوەکان و فڕێدراوەکان دروستکراون، کارەکانی ڕوبەڕوی یادەوەرییەکانی ناسنامە و ئاوارەبون و خۆڕاگری دەبنەوە لەکاتێکدا ڕەخنە لە پێکهاتەکانی دەسەڵات دەگرێت و بینەران لە ڕەنگدانەوەی ڕەخنەگرانەدا سەرقاڵ دەکات، کارە هونەرییەکانی هونەرمەند هیوا کریم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەناوبانگن.(شێوەی ١٠) (hiwa-k, 2020) (عبدالله ٢٠٢١، ١-٢)



شێوەی ٩

ئاڤان سدیق، بێ ناونیشان، ٢٠١٩



شێوەی ١٠

هیوا کەریم، بەهارە و کەش و هەوا زۆر باشە بۆیە با هەمو شتەکان دابخەین، ٢٠١٢

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی جێبەجێ کردنی توێژینەوە

### I. کۆمەڵگای توێژینەوە:

لەبەر ئەوەی بەشێک لە هونەرمەندان کاری هونەریی پەیکەرسازیی پۆستمۆدێرنیان لە هەرێمی کوردستاندا بەرجەستە کردوە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی (٥٠) هونەرمەند،

توێژەر بە باشی زانی (٣) نمونەی پەیوەندیدار بە توێژینەوەکە دەستنیشان بکات بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە لە نێوان ساڵی ٢٠١٣-٢٠٢٢.

## II. نمونەی توێژینەوە:

توێژەر نمونەکانی لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە دەستنیشان کردوە:

١- نوێنەرایەتییەکی گشتی ئەو کۆمەڵگە بنەڕەتییە پێشکەش بکات کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

٢- ئەم نمونانە هەڵگری ڕوانگەی گوزارشتگەرای و هاوچەرخن لەدامەزراندندا.

٣- ئەم نمونە هەڵبژێردراوانە یارمەتی توێژەر دەدەن لە وردبونەوە لە ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی هزری پۆستمۆدێرن لەسەر هونەری هاوچەرخ بەگشتی و هونەری پەیکەرسازی بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا.

٤- ئەم نمونانە کە خەسڵەتی ڕوانگەی هونەری و هزریی هاوچەرخیان تێدایە بۆ دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوەکە.

## III. ئامراز و کۆکردنەوەی زانیاری:

توێژەر بۆ کۆکردنەوەی نمونەکان پشتی بەستوە بەو کردە هونەریانەی کە لە پێشانگا گشتی و تایبەتەکان دانرواون لە هەرێمی کوردستان لەژێر ناونیشانی کاری هونەری هاوچەرخ، بۆ ئەمەش سەردانی مەیدانی کردوە بۆ شوێنی کارە هونەرییەکە بەمەبەستی بەدەستخستنی (وێنەی فۆتۆگرافی) و پەیوەندیکردن بە هونەرمەندەکە.

## ٧. شیکردنەوەی نمونەکان:

**نمونەی (١)**

**ناوی کار:** کۆچی بەکۆمەڵ

**هونەرمەند:** ساکار سلێمان

**ماتریاڵ:** قوڕ، بۆیە

**مێژو:** ساڵی ٢٠١٣.

**شوێن:** شاری سلێمانی.

**پێوانە:** 240 سم بە 320 سم

**خاوەنداریەتی:** گەلەری سەردەم



## ڕوپێو:



کارەکە پێکهاتوە لە بڕی ٤٨ خشتی قوڕ، کە بە شێوازێکی لاکێشیی ڕێکخراون، هەریەك لەم خشتانە پێوانەی ٤٠ بە ٤٠ سم ه و بەرزییەکەی یاخود ئەستوریی ١٠سم ه، ئەم کارە هونەرییە لە کامپەی عەربەتی ئاوارەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا نمایشکراوە.

خشتەکان هەریەکە و جێ پێیەک یان چەند جێپێیەکی پێوەیە بە قەبارە و شێوازی جیاواز کە پێدەچێت جێپێی ئاوارەکانی کەمپەکە بن، هەروەها لە هەندێك لە خشتەکان کەرەستەی جیاوازی لەگەڵدا تێهەڵکێشکراوە کە لەوانەیە کەرەستەیەکی تایبەتی ئەو کەسە بێت کە جێپێی لە ناو خشتە قوڕەکەدا دروستکردوە، هەروەها هەندێک لە خشتەکان هەن کە هونەرمەند بە بۆیەی سور یان سپی یاخود هەردوکی ڕوکەشی خشتەکەی پێداپۆشیوە. هونەرمەند دوای وشك بونی خشتە قوڕینەکان بۆ جێگیرکردنی خشتەکان لە ڕێکی یەك بە گەچی سپی دەورەی داوە، هەروەها لە هەندێك خشتی دیاریکراو لەجێی پێ جێ دەست بەجێ هێڵدراوە.

## بیرۆکە:

لەم کارە هونەریەدا هونەرمەند تەنها خاوەن بیرۆکە بوە بەڵام کەسەکان یاخود ئاوارەکان کارەکەیان ئەنجامداوە کە هاوکارێك بون لە دروستکردنی کارە هونەرییەکە و بەمەش هونەرمەند بە مەبەست ویستویەتی بەو شێوازە کارەکە ئەنجام بدرێت، ئەویش سەرەتا بە هەڵکۆڵینی زەویەکە و گرتنەوەی قوڕەکە، دواتر دروستکردنی خشتەکان و دانانی کەرەستە و جێدەست و پێیان تیایدا، لە دوای وشکبونی خشتە قوڕینەکان، ئاوارەکان و هونەرمەند هاوشانی یەك هەستاوەن بە دوبارە ڕێکخستنەوەی خشتەکان بە شێوەیەکی لاکێشیی و جێگیرکردنی لەسەر ڕوکارێکی گەچی سپی، لێرەدا هونەرمەند ڕێسا باوەکانی هونەری پشت گوێ خستوە کە دەبێت هونەرمەند لە ناو گەلەریەکدا کارە هونەرییەکەی نمایش بکات، بەڵکو چوتە ناو خەڵك و بەیەکەوە کارەکەیان کردوە، کە ئەمەش لە پۆست مۆدێرندا پەیڕەو دەکرێت، کە دەکرێت هەمو کەس کاری هونەری ئەنجام بدات.

ئەم کارە هونەرییە لەساڵی ٢٠١٣ دروستکراوە، ئەوکاتەی کە پەنابەری سوریی بە لێشاو ڕویان لە شاری سلێمانی دەکرد، کە زیاتر لە ٨ هەزار پەنابەر تۆمارکرا لە سەرانسەری کامپەکانی سلێمانی، هونەرمەند هەستا بە ئەنجامدانی ئەم کارە بۆ دروستکردنی ئایدیایەك لە هزری پەنابەران (ئاوارەکان) کە سەرەڕای کۆچ و جەنگ و نەهامەتییەکانی ژیان، مرۆڤ دەتوانێت دوبارە ژیانێکی نوێ، یادەوەری نوێ و ماڵ و خاکێکی نوێ بۆ خۆی بنیادبنێت، هەروەها هونەرمەند پێدەچێت ئەم کارەی ئەنجام دابێت بەمەبەستی بەجێهێشتنی ئاسەوارێك (نیشانەیەك) بۆ گەشتەکەیان لە عێراقدا، لەبەرئەوە داوای لە پەنابەران کرد کە شوێن پێ یان دەستی خۆیان لەسەر خشتە سور و تازە و تەڕەکە بەجێبهێڵن، هەروەها وەك هۆکارێکی دڵخۆشی و ئاشتبونەوەیان لەگەڵ خاك و وڵاتی نوێ و دروستبونی خۆشەویستییەك بەرامبەر ئەو شوێنەی کە تێیدا بون،

چونكە لەو كاتەدا قەدەغە بو پەنابەران بچنە دەرەوەی كامپ، هەروەها یەكێك لە پەنابەرەكان خشت سازبوە لە كوردستانی ڕۆژئاوا كە ئەوەش دوبارە بوە هۆی ئەوەی كارەكە بە هەماهەنگی و دڵخۆشییەوە دروستبكرێت.

پەنابەران (ئاوارەكان) لە هەندێك لە خشت و تەنیشت جێیێ و دەستیان كەرەستەی تایبەت بە خۆیان نوقمی قوڕەكە كردوە كە هەریەك لەم كەرەستانە ناسنامە و شوناسێكی خاوەنەكەی پێوەیە كە پێدەچێت لەو جێیی لێی هاتون هێنابێتیان و وەك ناشتنێك لە قوڕەكە نوقمیان كردون، وەك لە بیرچونەوەیەك و دوبارە دەستپێكێكی نویێ بۆ خۆیان، بە واتایەكی دی ئەم خاكە یاخود قوڕە هەم ماڵئاوییە لە نەهامەتی و ناخۆشییەكانی لێوەی كۆچیان كردوە و هەم ئاشنابونە بە خاكی كوردستان و دروستكردنی ژیانێكی نوێیە لەسەر ئەم خاكە.

لێرەدا هونەرمەند سەرەڕای بەرجەستیەكردنی ئەو بیرۆكەیەی كە خۆی بە مەبەست هەوڵیداوە ڕاستەوخۆ كەرەستەی جیاواز لەكەرەستە باوەكان كاربكات، ڕاستە كەرەستەی قوڕ كەرەستەیەكی باوە لە هونەردا و بە شێوازێكی بەرچاو بەكارهێنراوە، بەڵام هونەرمەند ئەو ڕێچكەیەی تێكشكاند بەوەی كە هەمانە كەرەستەی بە شوناس و شێوازێكی تەواو جیا بەكارهێناوە، هونەرمەند لە بەرجەستە كردنی كارە هونەرییەكیدا دور بوە لە یاسا و ڕێسا باوەكانی هونەر و بە شێوازێكی هاوچەرخ كاری كردوە هەم لە ڕوی چۆنیەتی بەكارهێنانی ماتریاڵ و هەم لە ڕوی شوێن و كات و چۆنیەتی پێكهێنانی كارەكە. هونەرمەند ئەوەمان پیشان دەدات كە بۆ بەرجەستە كردنی كارێكی هونەری بیرۆكە تەنها گرنگترین ڕوە.



**نمونەی (٢)**

**ناوی كار:** مشەخۆر

**هونەرمەند:** ئەحمەد نەبەز

**ماتریاڵ:** میكس میدیا

**مێژو:** ساڵی ٢٠١٤.

**شوێن:** شاری هەولێر.

**پێوانە:** 100 سم بە 70 سم

**خاوەنداریەتی:** موڵكی هونەرمەند.

**ڕوپێو:**

بەشێوەیەكی گشتی ئەم كارە هونەرییە بریتییە لە تابلۆیەك كە ئاوێتەیە بە چەندین ژمارە كە زیاتر لە ژمارەی ساڵەكان دەچێت، لای بەشی سەرەوەی تابلۆكە خەنجەرێك دەبینرێ كە بەشی خوارەوەی لەگەڵ ڕەنگی سوری تابلۆكە ئاوێتەكراوە. لە خوارەوەی خەنجەرەكە شێوەی ئافرەتێكی سیما داپۆشراو دەبینرێ كە هەست دەكەیت نوكی خەنجەرەكە چەقیوەتە سەری لەجێگەی لوت و دەمی ئافرەتەكە كەوچكێكی كانزا دانراوە، لەلای ڕاست و چەپی ئافرەتەكە دو هێڵی ستونی دەبیرێ بە ڕەنگی سپی لەگەڵ شانی ئافرەتەكە بەیەكەوە نوساون، كارەكە بەشێوەیەكی گشتی ڕەنگی قاوەیی تۆخی بەسەردا زاڵە ئەگەرچی چەندین ڕەنگێكی دیكەی تێدایە وەكو سپی و تۆنە جیاوازەكانی (قاوەی، ڕەساسی، سور، بێجی).

ئەم كارە هونەرییە ئەگەرچی بەشێوەیەكی گشتی لە تابلۆ دەچێت، بەڵام ئاوێتەبونێك هەیە لەنێوان ڕەنگ و بەكارهێنانی كەرەستەی ئامادە و جیاواز، ئەویش بەدانانی كەوچكێكی ئامادە بەبێ دەستكاری لەشوێنی دەم و لوتی ئافرەتەكە كە سیمای داپۆشیوە دانراوە، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت كە هونەرمەند نەیویستوە پابەندی یاسای هونەریە باوكان بێت و بەگوێرەی ویست و ئارەزوی خۆی كارەكەی بەرجەستە كردوە، هەروەها هەندێ ژمارەی داناوە لەڕاست و چەپی تابلۆكە ژمارەكان پەیوەندییان نیە بەیەكەوە هەرچەندە هەمویان زیاتر لە مێژوی ساڵ دەچن بەڵام هەندێ لە ژمارەكان بەپێچەوانەی یەكترەوەن لە تابلۆكە.

**بیرۆكە:**

پێدەچێت هونەرمەند ئەم كارە هونەرییەی بە مەبەستی ئەوەبێت كە ئافرەت لەسەردەمەكاندا ژێردەستە بوە هەرگیز یەكسان نەبوە لەگەڵ پیاوا، هەرگیز سەربەست نەبوە لە دانانی خەنجەر لەسەر سەری زیاتر نیشانەیە بۆ

چەسپاندنی ئەم ڕاستییە، لەلایەکی دیکەوە داپۆشینی دەموچاوی نیشانەیەکی دیکەیە بۆئەوەی کە ئافرەت سەربەست نییە تەنانەت لە خاوەنداریەتی جەستەی خۆیشی بەڵکو دەبێت بەگوێرەی ویست و ئارەزوی کۆمەڵگە جەستەی داپۆشێت، لێرە هونەرمەند لەم کارە هونەرییەدا زیاتر ویستویەتی ئەو بیرۆکەیەی کە لەناخیدایە بەرجەستەی بکات بۆ ئەم مەبەستەش لەم کارەیدا پابەند نەبوە بە یاساو ڕێسا هونەرییە باوەکانی وەك پەیڕەوکردنی قەبارەی و واقیعیەتی فیگەرەکە، بەکارهێنانی کەلوپەلی ڕۆژانەی نا هونەری لەسەر تابلۆکە و دوبارە هونەرمەند بە ویستی خۆی کارە هونەرییەکەی ئەنجامداوە، هەروەها لە هەڵبژاردنی کەرەستەی دانانی ڕەنگ و ژمارە و ساڵ کە هەموی لەخزمەت بیرۆکەکەدایە لە هەمان کاتدا ئەم کارە هونەرییە جۆرێکە لە ئاوێتەبون لە نێوان پەیکەرسازی و تابلۆ، چونکە کەرەستەی تابلۆ بەکارهاتوە و لەهەمانکاتدا ماتریاڵی کانزای ئامادە بەکارهاتوە، لێرەدا هونەرمەند ئەوەمان پێدەڵێت کە سنورێك نەماوە لەنێوان هونەرەکاندا.

ئەم کارە هونەرییە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەمان پیشاندەدات کە هونەرمەند بڕوای بە بیری فەلسەفی پۆستمۆدێرنیزم هەیە و بڕوای وایە کە هونەرمەند سەربەستە لە بەکارهێنانی ماتریاڵێك کە خزمەت بە بیرۆکەکەی دەکات، هەروەها سەربەستە لە دانانی ڕەنگ و شێوازی جیاواز و هەمەڕەنگ و ئامادە بەبێ ڕەچاوکردنی یاساکانی هونەر، ئەو بڕوای وایە کە دیوارێك نەماوە لەنێوان هونەرەکاندا.

هەر بۆیە ئەم کارەهونەریەی بەم شێوەیە سەربەستانە ئەنجامدراوە، لێرەدا زیاتر مەبەستی هونەرمەند بەرجەستکرنی بیرۆکەیە بە کەرەستەی جیاواز و بەشێوەیەکی ئازاد تاکو بتوانێ بیرۆکەی خۆی بە تەواوی بەرجەستەبکات. کارە هونەرییەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگدانەوەی پابەندبونی هونەرمەندە بە بنەما فەلسەفییەکانی پۆستمۆدێرنیزمەوە، ئەمەش باوەڕی ئازادی هونەرمەند بۆ بەکارهێنانی ئەو ماتریالانە دوپاتدەکاتەوە کە لەگەڵ دیدگای داهێنەرانەیاندا هاوشێوە بن. هەروەها هونەرمەند گوزارشت لە ئازادی دەکات کە ڕەنگ و ماتریاڵی جۆراوجۆر بەکاربهێنێت بەبێ ئەوەی بە هیچ سنوردارکردنی هونەری باوەوە پابەند بێت، وەک ئەوەی سنورێک لەناوکایەی هونەردا نەبێت.

**نمونەی ( ٣ )**



**ناوی کار:** پانتایەکانی ناوەوە

**هونەرمەند:** زامۆئا داراغا

**ماتریاڵ:** باوڵی ئاسن، کێلون و قوفڵ.

**مێژو:** ساڵی ٢٠٢٢.

**شوێن:** شاری سلێمانی.

**پێوانە:** 80 سم بە 46 سم

**خاوەنداریەتی:** موڵکی هونەرمەند

## ڕوپێو:



کارەکە پێکهاتوە لە سنوقێکی ئاسنی کۆن کە ڕوی دەرەوەی ڕەنگێکی سەوزی ژەنگاوی هەیە، هەروەها لە ڕوی دەرەوەی سنوقەکە قوفڵێکی داخراوی پێوەیە کە ژەنگی کردوە، سنوقەکە کراوەتەوە بە گۆشەی ٩٠ پلە و ناوەکەی ڕەنگێکی شینی پیرۆزەیی هەیە، بەشی ناوەوەی ڕوپۆش کراوە بە کێلونی کلیل، و کلیلەکانی پێوەیە، هەمو کێلون و کلیلەکان بە شێوەیەکی سیمتری ئەندازەیی چەسپێندراون، ژمارەی کێلون و کلیلەکانی ناو سنوقەکە نزیکەی ٦٠٠ دانە دەبن، بەهەمان شێوە لەسەر ڕوکەشی ناوەوەی دەرگای سنوقەکە کێلون و کلیلەکان ڕیزکراون بە شێوەیەکی سیمتری و هاوشێوە.

## بیرۆکە:

لەم کارە هونەرییەدا، ئەگەرچی هونەرمەند سندوقێکی کۆنی بەکارهێناوە بۆ بەرجەستە کردنی بیرۆکەکەی، بەڵام وەکو بابەتێکی کەلەپور بەکارینەهێناوە، بەڵکو بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەی تایبەتی خۆی دایناوە، چونکە چەندین کلیلی بەکارهێناوە، کە ئەو کلیلانە زیاتر بۆ دەرگا بەکاردێت نەك بۆ سندوقێک بەوشێوەیە، ئەمە لەلایەك ولە لایەکی دیکەوە هونەرمەند ژمارەیەکی زۆر کلیلی بەکارهێناوە لە کاتێکدا بۆ سندوقێکی لەم جۆرە تەنها یەك کلیل بەکاردەهێنرێت.

لەلایەکی دیکە ئاشکرایە کە کلیل بەکاردەهێنرێت لەکاتی داخستندا، بەڵام ئەم سندوقە بەشێوەیەکی هەمیشەیی کراوەتەوە، ئەمانە هەمو ئاماژەن کە هونەرمەند نایەوێت کارێکی هونەری ئاسایی و باو پەیوەست بە یاساکانی هونەرەوە بێت وەکو یەکسانی و هاوسەنگی و لێکچون...هتد بێت.

ئەو دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە ئەم سندوقە سندوقێکی کەلەپوری ئاسایی نییە، بەڵکو کارێکی هونەرییە بیرۆکەی تایبەتی تێدا بەرجەستەکراوە، لەوانە هونەرمەند مەبەستی لە بەکارهێنانی ئەم سندوقە بەم شێوەیە کە ڕوی ناوەوەی داپۆشراوە بە کلیل باس لە کات و ساتی ئەو سەردەمە دەکات کە ژیان کراوە و سادە بو بەڵام لە ئێستادا ژیان هەموی

داخراوە پڕە لە کۆت و زنجیرە و نەهامەتی ڕودەکەینە هەرلایەک وەکو دەرگای قفڵدراو داخراوە لە ڕوتدا. لێرە هونەرمەند بەبیرێکی نوێ ی هاوچەرخانەوە ئەم کارەی بەرجەستەکردوە بۆ زیاتر خزمەت بە ئەو بیرۆکەیەی کە لەناخیدا بەشێوەیەکی سەربەستانە دور لە ڕێسا هونەرییە باوەکان.

## ئەنجامەکان

پاش شیکردنەوەی نمونەکان توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- بەکارهێنانی ماتریاڵی جیاواز و سادە ئامادە وەك لە نمونەی ١-٢ دەردەکەوێت.

٢- پابەند نەبون بە یاسا و ڕێسا باوەکانی هونەر، لەوانە (بیروباوەڕ و پراکتیزە ئایینییەکانەوە، گێڕانەوەی جەنگ و ڕوداوەکان، نوێنەرایەتی کەسایەتییەکان، دیمەنی سروشتی).

٣- زاڵبونی هزری پۆستمۆدێرنیزم لەسەر جێبەجێکردنی کارە هونەرییەکە.

٤- زاڵبون و دەرکەوتنی ڕەنگ لە بەرجەستەکردنی کارە هونەرییە هاوچەرخەکان.

٥- لە شیکردنەوەی نمونەکاندا (نمونەی ١، ٢، ٣) دەردەکەوێت کە کارە هونەرییەکان زیاتر لە خزمەتی بیرۆکەیەك بەرجەستە کراون.

## دەرەنجامەکان

دوای شیکردنەوەی نمونەکانی توێژینەوەکە توێژەر گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە.

١- لە شیکردنەوەی نمونەکاندا دەردەکەوێت کە جۆرە لادانێك هەیە لە یاسا و ڕێسای هونەریی، ئەویش بەکارهێنانی ماتریاڵی هەمەجۆر و زاڵبونی ڕەنگ و ئاوێتەبونی کەرەستەکان.

٢- ڕەنگدانەوەی هزری پۆستمۆدێرن لە کارە هونەرییەکاندا.

## پێشنیارەکان

توێژەر لە ئەنجامی شیکردنەوەی نمونەکان و ئەنجام و دەرئەنجامەکان پێشنیار دەکات:

پێویستە توێژینەوەی زانستی ئەکادیمی دەربارەی پەیکەرسازی پۆستمۆدێرن لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت لە چوارچێوەی توێژینەوە و کتێبی هونەری و بڵاوبکرێتەوە ببێتە سەرچاوە بۆ بەرچاوڕونی ئەم بوارە.

## ڕاسپاردەکان

بۆ زیاتر گرنگیدان بە پەیکەرسازی پۆستمۆدێرنیزم لە هەرێمی کوردستان، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەکات.

١- توێژینەوە بکرێت دەربارەی ڕەنگدانەوەی هونەری پەیکەرسازی لە هەرێمی کوردستان.

٢- توێژینەوە بکرێت دەربارەی ڕۆڵی هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان.

٣ - وەرگێڕانی هەندێ بابەت و توێژینەوە و کتێبی هونەری لەبارەی هونەری پۆستمۆدێرنیزم بە گشتی و پەیکەرسازی بەتایبەتی بۆ سەر زمانی کوردی لە ناوەندە هونەری و ڕۆشنبیرییە گشتی و تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستاندا.

## لیستی سەرچاوەکان

عبدالرحمان شرفکندی هەژار.(١٣٩١ هەتاوی). هەنبانە بۆرینە فەرهەنگی کردی فارسی، چاپی هەشتەم.
کەریم مستەفا. (٢٠٢١)، لێکسیکۆنی هزر و فەلسەفی، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.
محەمەد مستەفا قەرەداغی. (٢٠١٢)، فەرهەنگی زاراوەکانی هونەر ئینگلیزی-کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی بڵاوکردنەوەی چوارچرا.
ئارام محەمەدی.(٢٠١٧)، ئینسکلۆپیدیای هونەری مۆدێرن و هاوچەرخ. دەزگای چاپەمەنی مانگ، بانە.
ئیهاب حەسەن – ئالین مەکسینز ود – ستیڤن کۆنۆر – جۆرج سیڤەر.(٢٠١٩)، پۆستمۆدێرنیزم. وەرگێڕ، د،ژیار فەلاح، شاهۆ عوسمان، ڕەزوان حەسەن، دەزگای چاپ و پەخشی ئایدیا، سلێمانی.
پەرویز مەزربان.(٢٠١٩)، پوختەی مێژوی هونەر. وەرگێڕ، ستار کەریم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
محمد جەلال. (٢٠٠٨)، هونەری پەیکەرسازی مۆدێرن. وەرگێر، جەزابکر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
چاوپێکەوتن لەگەڵ د.بەیان مانی لە ڕێکەوتی ١٧-٥-٢٠٢٣، سلێمانی.
ڕامیار مەحمود.(٢٠١٧)، هونەری شێوەکاری نوێ. دەزگای چاپ و پەخشی ئایدیا، سلێمانی.
سەنگەر قوباد.(٢٠١٩)، هونەر و هونەرەکانی هونەر. ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی
سۆزی هۆج.(٢٠١٧)، مێژوی هونەری شێوەکاری. وەرگێر: هەڵگورد ئەحمەد، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی.
شمیدت دیجینەر.(٢٠١٥)، نیگارکێشان لە سەدەی بیستەمدا. وەگێڕ، وەهبی ڕەسوڵ، سلێمانی.
وەهبی ڕەسوڵ.(٢٠١٣)، ئەبستراکت ئیکسپرێشنیزم. بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی بێ دراو، چاپخانەی شڤا، سلێمانی.
هەڵگورد ئەحمەد. (٢٠٢٢)، هونەری هاوچەرخ، ناوەندی غەزەلنوس، سلێمانی.
Modern Architecture and Postmodern Architecture1982 (Architecture Moderne et Architecture Postmoderne), Charles Jencks and Karl Kropf, Academy Editions, London.
A Very Short Introduction to Postmodernism2002, Christopher Butler, Oxford University Press, Oxford.
T.S. Eliot and Postmodernism1994: Theory and Practice, Lawrence Rainey, University of Wisconsin Press, Madison.
Childs2000 The End of the Cold War and the Making of Postmodern Kurdistan, Nick Childs, Syracuse University Press, Syracuse.
Discipline & Punish1975: The Birth of the Prison, Michel Foucault (Original French); (English Translation), Vintage Books (English); Gallimard (French), New York (English); Paris (French).
Gender and the Politics of History1988, Joan W. Scott, Columbia University Press, New York.
The Postmodern Condition1984: A Report on Knowledge, Jean-François Lyotard (Original French); (English Translation), University of Minnesota Press (English); Éditions Galilée 1979 (French), Minneapolis (English); Paris (French),.
A Voyage on the North Sea 1997: Art in the Age of the Postmodern, Arthur C. Danto, Farrar, Straus and Giroux, New York.
A Study of History: Arnold J. 1934 Toynbee,1934-1961, Oxford University Press, Oxford, Vols. 1-12.
Beginning Postmodernism1994: Forming the Theory, Rosi Braidotti, Stanford University Press, Stanford.
جمال قطب. (١٩٩٤)، التأثيرية والفن الحديث. دار مصر للطباعة، مصر.
تيوفيل غوتييه. (٢٠١٤)، الفن الحديث. دار المدى للطباعة والنشر والتوزيع، عراق.
جون دوی. (١٩٦٣)، الفن الخبره. ت زكريا آبراهيم، دارالنهضه العربيه، مصر.
أوسوالد شبنجلر. (٢٠١٨)، تدهو الحصارة الغربية. ترجمة أحمد التيباني، منشورات دارامكتبه الحياة بيروت، الجزء الاول، لبنان.

منصور نعمان. (٢٠٢٢)، الرؤية والتعبير فى الفن والفكر، البناء يومية سياسية قومية اجتماعية. انظر هذا الربط
https://www.al-binaa.com/archives/article/91828

حمدية كاظم روضان المعمورى-بشائر محمد ابراهيم. (٢٠١٨). الآبعاد التربوية فى الرسم التعبيرى. مجلة جامعة بابل، العلوم الآنسانية. المجلد٢٦، العدد٣، جامعة بابل/ كلية الفنون الجميلة، عراق.

https://www.theartstory.org/definition/postmodernism / 6/4/2023 – Available
https://arthive.com/encyclopedia/4448~Postmodernism 18/8/2023 – Available
https://revisesociology.com/2023/03/31/the-postmodern 3/8/2023 – Available
http://www.artandpopularculture.com/Postmodern 10/7/2023 – Available
https://www.yourarticlelibrary.com/essay/postmodernism-origin-and-definition-of-postmodernism/38463 3/8/2023 – Available
https://en.wikipedia.org/wiki/Bernard_Iddings_Bell 25/6/2023 – Available
https://www.history.com/topics/art-history/history-of-modernism-and-post-modernism 3/8/2023 – Available
https://www.britannica.com/biography/Joseph-Kosuth 27/1/2024 – Available
https://www.theartstory.org/artist/parker-cornelia/ 9/5/2023 – Available
http://sociologyindex.com/postmodernism.htm#:~:text=Postmodernism%20is%20a%20complicated%20term%2C%20or%20set%20of%20ideas%2C%20one,clear%20exactly%20when%20postmodernism%20begins.3/8/2023 – Available
https://www.theartstory.org/artist/parker-cornelia/ 16/10/2023 – Available
https://www.moma.org/collection/works/81435 16/10/2023 – Available
https://iep.utm.edu/nihilism/ 9/12/2022 – Available
https://www.britannica.com/biography/Charles-Olson 25/6/2023 – Available
https://www.britannica.com/biography/Arnold-J-Toynbee 23/6/2023 – Available
https://www.jstor.org/stable/345886 12/2/2023 – Available
https://museum-abteiberg.de/presse/hiwa-k-all-cities-have-destruction-in-common/ 1/7/2023 – Available
https://www.theartstory.org/artist/lewitt-sol/ 15/12/2022 – Available
http://kamransharif.com/About1.aspx 15/12/2022 – Available
https://en.wikipedia.org/wiki/Bernard_Iddings_Bell 27/1/2024 – Available
https://en.wikipedia.org/wiki/Hans_Haacke 27/1/2024 – Available
https://en.wikipedia.org/wiki/Land_Rover 27/1/2024 – Available
Cambridge, Dictionary. (2021). Available from: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/reflection last accessed(5/9/2021).
Cambridge, Dictionary. (2021). Available from: https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/postmodernism last accessed(8/9/2021).

Longman, dictionary. (2022). Available from: https://www.oxfordlearnersdictionaries.com/definition/english/sculpture?q=sculpture last accessed(28/1/2022).
Britannica,Dictionaries.(2022). Available from https://www.britannica.com/dictionary/art last accessed(12/2/2022).
Britannica,Dictionaries.(2023). Available from https://www.britannica.com/dictionary/reflection last accessed(7/8/2023).

پەراوێزەکان

1 ئەرنۆڵد توبینی (١٨٨٩ - ١٩٧٥) بیرمەندێکی فرەلایەنە، بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک لە کایەکانی مێژو و فەلسەفەدا ڕۆیشتوە. وەک مێژونوسێک، قوڵ بوەوە لە سەرهەڵدان و دارمانی شارستانییەکان، بەناوبانگ بو لە پێشنیاری تیۆرییەکی خولیی لە کتێبی "لێکۆڵینەوەیەک لە مێژو"دا کە ١٢ بەرگ بو. وەک فەیلەسوفێک بیری لە مانای مێژو کردەوە و ڕەخنەی لە گێڕانەوە گەورەکان گرت و کاریگەرییەکانی ئایین و تەکنەلۆژیای لەسەر کۆمەڵگاکان دەکۆڵیەوە(Stefon, 2023) .

2 ئارنۆڵد تۆبینی لە کتێبەکەیدا بە تەواوی وشەی پۆست مۆدێرنیزمی بەکارنەهێناوە، بەڵکو تۆینبی تەحەدای بیرۆکەی پێشکەوتنی مێژویی گشتگیری کرد و ڕەخنەی لە ڕوانگە دیاریکراوەکانی مێژو گرت. ئەمەش لەگەڵ گومانەکانی پۆستمۆدێرنیزم لە گێڕانەوەی باڵادەست و جەختکردنەوە لەسەر فرە دیدگاکان هاوتەریبە. تۆینبی بەدواداچون بۆ سەرهەڵدان و دابەزینی شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان کرد، تیشکی خستە سەر تایبەتمەندییە ناوازەکانیان. ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ گرنگیدانی پۆستمۆدێرنیزم بۆ جیاوازی کولتوری و ڕەخنەگرتن لە بیری ڕۆژئاوایی-سەنتەری. هەروەها ڕۆڵی لێکدانەوە تاکەکەسی و بابەتییەکانی لە دارشتنی تێگەیشتنی مێژوییدا ناسی. ئەمەش دەنگدانەوەی گرنگیدانی پۆستمۆدێرنیزمە بە ئەزمونی تاکەکەسی و پرسیارکردن لە ڕاستییە بابەتییەکان.

3 تشارلس ئۆلسن کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم (١٩١٠-١٩٧٠) سەریهەڵدا، وەک کەسایەتییەکی سەرەکی لە شیعری ئەمریکیدا وەستاوە. بە ڕەتکردنەوەی توندییەکانی فۆرمەکانی نەریت، پاڵپشتی لە "بەیتێکی پێشبینیکراو" کرد کە ئاوێنەیەکی ڕەوتی بێسنوری بیرکردنەوە بو و سوبژێکتیڤیتی لە باوەشگرتبو. کاریگەری ئۆلسۆن بەردەوامە لە دارشتنی نەوەکانی شاعیر، میراتێک بەجێدەهێڵێت کە ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هێزی ڕاستەقینەی شیعر لە شوێنە جێگیرەکاندا نییە، بەڵکو لە خودی سەفەری دینامیکی دروستکردندایە(Tikkanen, 2023) .

4 تەلارساز ڕۆدۆلف بانفیت (١٨٧٧-١٩٤٩) ناوی خۆی لە مێژودا نەخشاندوە نەک لە ڕێگەی پێکهاتە گەورەکانەوە، بەڵکو بە یەکێک بون لە یەکەم کەسەکان کە وشەی "پۆستمۆدێرن"ی وتوە لە ساڵی ١٩٢٨. دیدگای ئەو: بینای کارا و گونجاو لە دەرەوەی شێوازە مێژوییەکان، پێشبینی دەیان ساڵ- ڕەوتەکانی دواتر وەک شێوازی نێودەوڵەتی(Banfit, 1928) .

5 نیهیلیزم ئەو باوەڕەیە کە هەمو بەهاکان بێ بنەمان و هیچ شتێک ناتوانرێت بناسرێت یان بگەیەنرێت (Pratt, 2022) .

6 فێدریکۆ دی ئۆنیس، زانای ئیسپانی (١٨٨٥-١٩٦٦)، پرۆفیسۆر، ڕەخنەگر. پاڵەوانی ئەدەبیاتی ئیسپانی بو، دەستکاریکردنی کتێبە کلاسیکەکانی وەک دۆن کیشۆت و کاریگەری لەسەر هیسپانیزمی ئەمریکی هەبو. هەرچەندە کەسایەتییەکی سەرەکی مێژویی نییە، بەڵام زانستی و تێڕوانینی ڕەخنەگرانە و خۆبەخشییەکەی بۆ پردکردن لە جیهانە ئەدەبییە ئیسپانی و ئەمریکییەکان جێپەنجەیەکی بەردەوامی لەسەر توێژینەوەی ئەدەبی و تێگەیشتنی کولتوری بەجێهێشت(Young, 2023) .

7 بێرنارد ئیدینگس بێڵ (١٨٨٦-١٩٥٨) بیرمەندێکی فرەلایەنە بو کە جیهانەکانی ئایین و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و شرۆڤەی کولتوری گرتەوە. وەک قەشەیەکی ئەسقەفەکان، لەگەڵ دابەزینی ئایینی مەسیحی لە جیهانێکی مۆدێرندا زۆرانبازی کرد، پاڵپشتی گەڕانەوەی بۆ باوەڕێکی نەریتی دەکرد. بەڵام ڕەخنەگرێکی ئەدەبی و وتارنوسێکیش بوە، ڕەخنەی لە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان گرتوە و بانگەشە بۆ نوێبونەوەی فیکری و ڕۆحی دەکات لە دەرەوەی پێکهاتە ڕەقەکان. زیاتر لە ٢٠ کتێب و چەندین بابەتی نوسیوە.(wikipedia, 2023)

8 جۆزێف کۆسوت پێشەنگی هونەری چەمکی بوە، بزوتنەوەیەک کە سەرنجی لە فۆرم و کەرەستەی هونەری تەقلیدییەوە گۆڕیوە بۆ بیرۆکە و چەمک. لە ساڵی ١٩٤٥ لەدایکبوە، بە کارە مینیمالیستییەکانی ناسراوە کە دەق و زمان و شتە ڕۆژانەییەکان بەکاردەهێنن بۆ گەران بەدوای تێگەیشتن و مانا و سروشتی خودی هونەردا. لە تابلۆ نیۆنە ئایکۆنییەکانی وەک "یەک و سێ کورسی"ەوە تا دەگاتە گەڕانە فەلسەفییەکانی بۆ پێناسە و سنورەکان، کۆسوت بەرهەڵشتی گریمانەکانی کرد سەبارەت بەوەی کە هونەر دەتوانێت چی بێت و مشتومڕی بەردەوامی لەسەر ئامانج و گرنگییەکەی وروژاند. (Britannica, 2024)

9 هانس هاک هونەرمەندێکی لەدایکبوی ئەڵمانیایە و دانیشتوی نیویۆرکە و هونەرەکەی بەکاردەهێنێت بۆ دەرخستنی ڕاستییە نارەحەتەکانی دەسەڵات و سیاسەت و خاڵە کوێرەکانی کۆمەڵگا ئاشکرا دەکات. ئەو بە هونەری ئینستێلاسیۆن کاردەکات، کە ڕوبەرە بریقەدارەکان و براندە ئاشناکان لەگەڵ واقیعە جەنجاڵەکاندا بەریەکدەکەون، بینەران ڕوبەڕوی نادادپەروەرییە شاراوەکان دەوروژێنێت و ژیانی خۆیان بخەنە ژێر پرسیارەوە. (wikipedia, Hans Haacke, بێ بەروار)

10 لاند ڕۆڤەر مارکەیەکی بەریتانییە کە زۆرینەیان ئۆتۆمبێلی چوار تایە و توانای ئۆفرۆدیان هەیە، خاوەندارێتی کۆمپانیای جاگوار لاند ڕۆڤەری بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبێلی فرەنەتەوەییە، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە لقێکی کۆمپانیای تاتا مۆتۆرز لە هیندستانە .( wikipedia, Land Rover, بێ بەروار)

11 سۆل لیویت (١٩٢٨ - ٢٠٠٧) ، هونەرمەندێکی چەمکی و پێشەنگێکی مینیمالیستی، پیشەیەکی بەرهەمدار بنیاتنا کە پرۆسەی هونەری پێناسەکردەوە(lewitt-sol, 2022) .

12 کۆرنێلیا پارکەر، لە ساڵی ١٩٥٦ لەدایکبوە، پەیکەرتاش و هونەرمەندی ئینستێلاسیۆنی بەریتانییە و بە شتە ڕۆژانەییەکان و گێڕانەوەی گەورە سیحر دەبەستێتەوە.(Cornelia Parker, n.d.)

13 کامەران شەریف لە ساڵی ١٩٧٨ لە شاری تەورێزی ئێران لەدایکبوە، پەیکەرتاشێکی بەناوبانگە و ئێستا لە ویلایەتی لۆس ئەنجلۆس نیشتەجێیە، لە ماوەی سێ دەیەدا شارەزا بوە لە کەرەستە و تەکنیکە جۆراوجۆرەکان، ئەزمونەکانی لە ڕێگەی کاری دەستی ورد و هێماسازی و ۆیکەرەوە دەربڕیوە. کارەکانی کە لە ئاستی جیهانیدا نمایش دەکرێن، بەدواداچون بۆ هەست و سۆزی کەسی و تەحەددیاتی کۆمەڵایەتیەکانی دەکات(sharif, kamran sharif, 2020) .

14 هیوا کەریم لە دایکبوی (1975) خوێندنی ئامادەیی لە عێراق تەواوکردوە و هونەرمەندی بینراو و مۆسیقاژەن و شانۆکارە جیاواز هەڵکەوتوە، بوارە سەرەکییەکانی هونەرمەند لێکۆڵینەوە نافەرمی و ناسیستەماتیکانی ئەدەب و فەلسەفەی ئەوروپی بون، کە لە کتێبە بەردەستەکانەوە فێربون و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی. دوای ئەوە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا ڕوی لە ئەڵمانیا کردوە(K, 2021) .